

# نامەکانی زیندان
# رۆزا لۆکسمبۆرگ

**لە فارسییەوە: مەجید مارابی**

ئەم نامەیە لە زیندانی «ورنگ»لە رۆژی (٢) ئایاری ساڵی (١٩١٧)دا بۆ «سۆنیا لیبکنخت» نوسراوە.

لەبیرتانە لە مانگی نیسانی رابردودا، رۆژێك کاتژمێر دەی بەیانی، تەلەفۆنم بۆ هەردووکتان کرد، بۆ ئەوەی داواتان لێبکەم لەگەڵم بێن بۆ گوێگرتن لە ئاوازی بولبولێك کە لە دارستانەکەدا به بەردەوامی کۆنسێرتی هەبوو. ئێمە لە سەر گردێکی فراوان، لە سەر تاشە بەردەکان و لە قەراخ کانیەکی بچوك کە ئاوەکەی بە هێمنی تێپەڕ دەبوو، دانیشتین. بە شوێن ئاوازی بولبولەکەدا لەپڕ دەنگێکی یەك ریتم و غەمگین بەرگوێمان کەوت. من پێم وابوو ئەوە باڵندەی زەلکاوە و «کارل» وتی راستدەکات، بەڵام لە کۆتاییدا نەمانزانی دەنگی چییە.

بیهێنە بەرچاو، کە چەند رۆژ پێش ئێستا، بەرەبەیانی، هەمان ئاوازی یەك ریتم و غەمگینم بەرگوێ کەوتەوە. لە رووی پەیجۆریەوە لێدانی دڵم کەوتە پەلەپەل. ویستم لە کۆتاییدا تێبگەم بزانم ئەم دەنگە هی کامە باڵندەیە، تاکو ئەمرۆ ئۆقرەم نەبووە و لە کۆتاییدا ناسیم. ئەم باڵندەیە، لە باڵندەکانی زەلکاو نییە، ناوی «تۆرکۆل»ە و لە جۆری قاڵاوە. لە چۆلەکە تۆزێك گەورەترە و ناوەکەی لەو رووەوەیە، کە کاتێك هەست بە مەترسی دەکات، هەوڵدەدات بە کرداری گاڵتە جارانە و جوڵەی سەر، دوژمنەکەی بترسێنێت.

خۆراکی تەنها مێرولەیە کە بە زمانە چەسپێنەرەکەی دەیگرێت، وەکو ورچی مێروولەخۆر. لەم رووەوە ئیسپانیەکان پێیدەڵێن «هور میگیرۆ» واتە پەلەوەری مێرولەخۆر. بۆ ئاگاداریتان «موریك» شیعرێکی جوان و تەشەرئامێزی لە وەسفی ئەو باڵندەیەدا هۆنیەوەتەوە، کە ئاوازەکەی «هۆگۆرلف» دایناوە. لەو رۆژەوە بۆ «کارلی» بنوسە خۆشحاڵ دەبێت.

دەپرسێت چی دەخوێنم؟ زیاتر لە هەموو شتێك کتێبەکانی زانستی سروشتی، جۆگرافیای رووەکەکان و بوونەوەرناسی. دوێنێ کتێبێکم خوێندەوە سەبارەت بە

هۆکاری لەناوچوونی نەوەی باڵندەی ئاوازخوێن لە ئەڵمانیا. چاندنی دارستانەکان، باخەکان و زەوی کە زیاتر لە جاران لە گەشەسەندندایە، هەموو ئیمکاناتە سروشتییەکان بۆ هێلانە سازی و دۆزینەوەی خۆراك لە ناودەبات.

دوای کشتوکاڵ بەرەبەرە درەختەکان دەرزێن، درك و داڵ و ئەو گەڵا وشکانەی کە دەکەونە سەرزەوی، لەناو دەچن. زۆر دڵگران بووم. نەوەك لەوەی نیگەرانی گۆرانی باڵندەکان لەو رووەوە بم، کە مرۆڤ چێژیان لێدەبات، بەڵکو نابودی زۆرەملێ و خامۆشی ئەم بوونەوەرە بچوك و بێدیفاعانە ئازارم دەدات. تا ئەو شوێنەی کە فرمێسك دەزێتە چاوەکانم. ئەم بابەتە من دەخاتەوە یادی کتێبەکەی ئەو مامۆستا روسیە پرۆفیسۆر»سیبر» کە باسی هۆکارەکانی لەناوچوونی سورپێستەکان لە ئەمریکای باکور دەکات، من ئەو کتێبەم کاتێك کە هێشتا لە «زوریخ» بووم خوێندەوە. سورپێستەکانیش وەکو باڵندە ئاوازخوێنەکان، بە دەستی مرۆڤی خاوەن شارستانیەت و مۆدێرن بەرەبەرە لە قەڵمرەوی خۆیان دەرکران و بە مەرگێکی خامۆش و زاڵمانە مەحکوم بوون.

بەڵام رەنگە من نەخۆش بم کە بەمجۆرە و لە بەرامبەر هەموو شتێکدا، سۆز و عاتیفەی توند لە خۆم نیشاندەدەم.

هەندێکجار هەستدەکەم «بوونەوەرێکی مرۆیی» راستەقینە نیم، بەڵکو پەلەوەر یان ئاژەڵێکم کە وەکو مرۆڤم لێهاتووە، لە گۆشەی باخچەیەکدا، وەکو باخچەی ئەم زیندانە، یان کاتێك لە ناو کێڵگە پردەنگەدەنگەکاندا لە سەر پووش و پەلاشەکان راکشاوم، زیاتر هەست بە ماڵەوە دەکەم، تا کۆنگرەیەکی حزبی. دەتوانم ئەم قسەیە بە ئێوە بڵێم، چونکە دەزانم دەستبەجێ تۆمەتبارم ناکەن بە خیانەتکردن لە سۆسیالیزم باش دەزانن، کە لە هەمانکاتدا هیوای من ئەوەیە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمدا بمرم: واتا لە شەری سەرشەقام یان سوچەکانی زیندان، بەڵام لە ناخدا من زیاتر سەر بە باڵندە کێویەکانم تاکو هاورێیان. پێتان وانەبێت وەکو زۆربەی سیاسەتمەدارەکان کە توشی شکستی ناوخۆیی بوون، تەنها لە سروشتدا هەست بە ئارامی و ئۆقرەیی دەکەن. بە پێچەوانەوە من لە توندوتیژیەکانی ناو سروشت ئەوەندی توندوتیژی ناو مرۆڤەکان ئازار دەچێژم. بۆ نمونە چیرۆکێکی بچوکتان بۆ دەگێرمەوە کە لە بیرم ناچێتەوە.

لە بەهاری رابردودا، لە گەشتێکی مەزرا دەگەرامەوە. لە رێگایەکی بێدەنگ و تەریکەوە تێپەر دەبووم، لە ناکاو پەڵەیەکی رەشی بچوکم بەرچاوکەوت و لە پر کارەساتێکی بێدەنگم بینی: قالۆنچەیەك هەڵوەشاو بە پشتا کەوتبوو، بێهیوایانە پەلەقاژەی دەکرد، لە کاتێکدا مێرولەیەکی زۆر تێوەی ئاڵابوون و بە زیندویی پارچەپارچەیان دەکرد و خواردیان. لەشم هاتە لەرزین، دەسرەکەم دەرهێناو دەستمکرد بە دورخستنەوەی درندە بچکۆلەکان. مێرولەکان ئەوەندە بێ پەروا و رووقایم بوون ناچارمیان کرد بە رووبەرووبوونەوەیەکی سەخت و درێژخایەن. لە کۆتاییدا توانیم ئەو قوربانیە بێدیفاعە رزگار بکەم و لە سەر گژوگیاکە دامنا دوو قاچیان خواردبوو! دەستبەجێ بەرێکەوتم، بەڵام ئەو هەستە بە ئازارەش لە ناخمدا بوو، کە رەنگە ئەو چاکەیەی من بەرامبەر بەو ئاژەڵە دەرەنجامێکی ئەوتۆشی نەبووبێت.

ئێوارە دورودرێژەکان لە ئێستاوە پێگەیشتوون،، من چەندە ئەو سەردەم کاتانەی رۆژم خۆشدەویست. لە «سوردند» سار(جۆرە باڵندەیەك) زۆربوو. لێرەدا تاقە دانەیەکیش نابینرێ و نابیسرێت. بە درێژایی ئەم زستانە من خواردنم بە جوتێك ساردا، بەڵام ئێستا رۆشتوون. لە «سوردند» من بەوە راهاتبووم ئێواران لەم کاتەدا، لە شەقامەکاندا دەگەرام، چەندە جوان بوو. لە دواین کاتژمێری ونەوشەیی رۆژدا، تروسکایی سوری چراغازەکان لە ناکاو هەڵدەبوون و بە شەرمەوە دەکەوتنە جموجۆڵ، وەکو ئەوەی لە عەسرەوە هەستیان بە نائارامی کردبێت، لە کۆڵاندا تارمایی نادیاری دەرکەوانێکی شڵەژاو دەردەکەوت یان خزمەتکارێك، بۆ کرینی بەپەلە خۆی دەگایەندە نانەواخانە یان بۆنفرۆشێك. منداڵانی پیاوە پینەچییەکە کە لەگەڵ من هاورێ بوون، لە دەرەوە درێژەیان بە گەمەکردنەکەیان دەدا، تا ئەوەی کە دەنگێکی بەرز و لێبراو لە کەلێنی کۆڵانەکەوە ئەوانی رەوانەی ماڵەوە دەکردەوە. لەم سەعاتەی رۆژدا زیاتر سارکی بوو، کە نەیدەتوانی ئۆقرە و ئارمی بگرێت و وەکو منداڵێکی بێئەدەب هاواری دەکرد لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر دەفری و منیش هێشتا لە سەر شەقام بووم، بۆ ئەوەی یەکەمین ئەستێرەکان بژمێرم. بە هیچ شێوەیەك نەمدەویست هەوای پاکی ئێواران کە شەورۆژ لێکدەئاڵێن بەجێبهێڵم و بگەرێمەوە ماڵەوە.

«سونتیسکا» بەم زوانە نامەتان بۆ دەنوسێت. ئاسودە و سەرفراز بن. هەموو شتێك بەباشی چارەسەر دەبێت. هەروەها بۆ کارلیش هەروەها بە هیوای دیدار. تا نامەیەکی تر.

«رۆزای ئێوە»

**سەچاوە**: http://www.javaan.net/indexcf.php

ئایدیا والا
...کی فکریە دوومانگ
...ێک دەردەچێت
ژمارە(٣٨)
...ی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم